پاشماوەی لاپەڕەی 4

# کورد و خولی هەشتەمی ...

... پێشیان بڵێین بەشداری نەکەن، ئەوان هەر بڕیاری بەشداری دەدەن."

**زریان،** ڕێفۆرمخوازانی کوردی بە بەشێک لە کۆمەڵگای کوردەواری پێناسە کرد و وتی:" بە هەرحاڵ ریفۆرمخوازانی کوردیش ڕەوتێکن لە نێو جوولانەوەی نەتەوەیی کورددا و ئەگەر نەکرێت پێناسەی جوولانەوەی نەتەوەیی کوردییشیان بۆ بکەین، هەر بەشێکن لە کۆمەڵگەی کوردی و پێیانوایە بەو شێوازە کێشەی کورد لە ئێراندا چارەسەر ئەبی و بڕیاریان داوە کە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. چەندین ساڵە تەحریمکردنی حیزبە کوردییەکان ئەنجامێکی وای لێنەکەوتووەتەوە و ئەبێ لە خۆ پرسیار بکەین کە بیست و چەند ساڵە ئەو هەڵبژاردنە تەحریم دەکەین چیمان دەست کەوتووە. بەڕای من ئەگەر کورد بتوانێ یەک لە سەدیش خۆی پێناسە بکا لە نێو پارلەماندا هەر باشە."

لە کۆتایشدا، بۆچوونی هەر سێ لامان سەبارەت بە ئاکام و کاریگەرییەکانی نەبوونی یەکدەنگیی سیاسی و دەرکردنی دوو بڕیاری جیاواز،لە لایەن حیزبە ئوپۆزسیۆن و لایەنە ڕێفۆرمخوازەکانەوە وەرگرت.

بەپێچەوانەی بەشی سەرەتایی قسەکانی، جەلال جەلالیزادە پێیوابوو کە کورد قازانجی لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردندایە و وتی:" ئێمە لە ئێراندا بێجگە لە مەجلیس هیچ ئامرازێکمان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان نیە. من پێموایە ئەگەر 70 – 80% ئازادیی هەبێ و خەڵک بتوانن نوێنەرانێک بنێرنە پارلەمان و مافی هەڵبژاردن بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بدرێ، باشتر وایە لە مەیدانی سیاسیدا چالاکییان هەبێ و ئەوە بە قازانجیانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر حیزب و گرووپێکی سیاسی بۆچوونی خۆی هەیە. ڕەنگە گرووپگەلێک کە لە دەرەوەی وڵاتدان، قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان بە جۆرێک بزانن و لایەنگەلێک کەوا لە نێوخۆی وڵاتدان قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان بە جۆرێکی دیکە ببینن. سااڵهایە هەرچەند ئوپۆزیسیۆنی دەرەوە هەڵبژاردنی تەحریم کردووە، خەڵکی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریان کردووە."

لەلایەکی دیکەوە، مامەند ڕۆژە، سوور بوو لەسەر فەرەگوتاریی سیاسی و پێویستیی کار و خەبات لە نێوخۆی وڵاتیشدا و وتی:" ئێمە بڕوامان بە مەنتقی ڕەش یان سپی و یان لەگەڵ ئێمەیە یان لەگەڵ ئێمە نییە، هەیە. لە سیاسەتدا ئەمە مەنتقێکی زۆر سەرکەوتوو نییە. بۆ نموونە: ئێمە هەر لە باکووری کوردستان بزووتنەوەیەکی چەکداری تونددوتۆڵمان هەیە کە بڕوای بە خەباتی چەکداریی تونددوتۆڵ هەیە و داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە هەمانکاتدا، خەبات و کاری ناوخۆی ڕەت نەکردووەتەوە و پشتیوانیی لێکردووە. من لەگەڵ ئەوەدام کە ئوپۆزیسیۆنی کورد لە دەرەوە بەهەموو شێوەیەک بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا تەحریم بکا، بەڵام پێویستە تۆزێک بە فەرەگوتاری و بە سیاسەتێکی فرە ڕەهەندەوە کار بکەین نەک بەشێوەیەکی تاک ڕەهەندییەوە سیاسەت بکەین."

هەروەها، زریان ڕۆژهەڵاتی جەختی لەسەر پێویستیی هەڵسەنگاندنی قازانج و زیانەکانی هەر هەڵوێستێک سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان کردەوە و وتیشی:" ناردنی کەسێکی لە سەدا سەد سادق لە حیزبەکان بۆ ناو مەجلیس کارێکی زۆر دژوارە، بەڵام ئەندامێک کە لە سەدا یەکیش بڕوای بە کێشەی کورد بێ و بچێتە پارلەمان، لەوە باشترە کابرایەک کە لە سەدا سەد دژی کێشەی کورد و بەرژەوەندییەکانیەتی جێگەی لە پارلەماندا بگرێتەوە و نوێنەرایەتیی کورد بکا."

پاشماوەی لاپەڕەی 5

# پاڵپشتانی ئەنسارولئیسلام هاندەری ...

ڕادەیەکی سەیر و ترسێنەر، کوشندەیی کێشەکەش ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان لەو بواردا پێشی دیکەی ناحەزان و دوژمنانیان داوەتەوە: گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دێرین، دەبینین لانکەی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و سەرکەوتنی یەکەمین شۆڕشی کورد هەمان هەورامان بووە، لەمێژووی نوێشدا **هیچ حیزبێک نیە لە هەورامان و لەئامێزی گەرمی هەورامیەکاندا پەروەردە نەبووبێت و لە هەورامان بە خێو نەکرابێت... بست بەبستی خاکی هەورامان شایەتی قوربانیدانی هاوڵاتیانمانە لە هەورامان لەپێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەکەماندا.**

**"بۆ کوردستان": بە بۆچوونی بەڕێزتان چ دەبێ بکرێ بۆ ئەوەی هەورامییەکان، یان هەرکام لە پێکهاتەکانی دیکەی کوردەواری هەستێکی وەهایان لا دروست نەبێ؟**

**جەلیل عباسی:** پێش هەموو شتێک ئێمە پێویستمان بە ڕابوونێکی نوێیە، ڕابوونێکی نەتەوەیی ڕۆشنبیرانە و گشتگیر و سەرتاسەری، ڕابونێک کە سەرلەنوێ ئەم گەلە لێکپچڕاوە پێکەوە کۆ و تەبا بکاتەوە و فێرمان بکات بگەڕێین بەدوای خۆماندا و پرۆنسیپە بزر بووە نەتەوەییەکانمان بدۆزینەوە و بیاننا سینەوە و خۆمانی لەسەر تەیار بکەین... ئەو لێکترازانە هەرە قوڵ و ترسێنەرە کە ئەمڕۆ بەسەر هەست و نەستماندا سەپێنراوە بسڕینەوە و هەوڵ بدەین بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی یەکدی... دەبێ ڕابوونێک لەدایک ببێ، بادینان بگەیەنێتە لوڕستان... گەرمیان بە هەورامانەوە گرێ بداتەوە.

سوپاسیشم بۆ (بۆکوردستان) و بەهیوای درەوشانەوەیان لەدەرخستنی کەموکوڕیەکان و وروژاندنی زۆرتری خوێنەر و وشیارتر کردنەوەی جەماوەری کورد. بڕی ئەشا

پاشماوەی ڕەوژەن

... دیارە ئەوەش نەدەکرا ئەگەر ڕابردویەکی خاوێن و خەباتێکی ڕاستگۆیانە و سیاسەتێکی دروست لەو ساڵەدا نەیرەخساندایە. کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە، دەیان پەیامی پیرۆزبایی لەلایەن حیزب و کەسایەتیەکانەوە پێگەیشت و نوێنەرانی 30 حیزبی سیاسی کوردستان لە ڕێوەرەسمی کردنەوە و کۆتایی کۆنگرە ئامادە بوون.

کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان وکەسایەتیە جۆراوجۆرەکان لە هۆڵی گەورەترین هۆتێلی پێتەختی کوردستان کە ئالای پیرۆزی کوردستانی لەسەر دەشەکایەوە و ڕازاندنەوەی هۆڵی کۆنگرە بە وێنەی سەرکردە میژوییەکانی کورد لە بەدرخانی گەورە و شێخ عوبەیدوڵڵانەهرییەوە بگرە تا سمکۆی قارەمان و ئێحسان نوری پاشا و پێشەوا قازی محەممەد وداودخانی کەڵهوور و بارزانی نەمر و لە تەنیشت ئەوانیشەوە وێنەی کەمتەمەنترین سەرکردەی شەهیدی کورد سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەری پارتی ئازادیی کوردستان، لە نێو کۆمەڵێک دروشمی نەتەوەیی نووسراو لە سەر **ڕەنگی نارنجی،** کەشوهەوایەکی خەباتگێڕانەی پڕ لە دڵنیایی و متمانەی بە سەرکەوتنی کۆنگرەو پتەویی ئیرادەی خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان و هیوا بە دوا ڕۆژ ،پێکدەهێنا.

ژمارەیەک لە میدیاکانی دەنگ و ڕەنگ و نووسراوی کوردستان و ناوچەکە گرینگیان بە کۆنگرەکە دا و هەواڵ و ڕێپورتاژیان لە سەر بڵاو کردەوە. هەندێک لە کانااڵە ئاسمانییەکانی عێراق لە هەواڵەکانیان دا بڵاویان کردەوە کە:**"کوردەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی، لە هەولێر کۆنفرانسێکیان بەستوە"**. هەر وەها کانااڵی ئاسمانی ئەلعەرەبییە لە دیمانەیەک لە گەڵ سەرکۆماری عێراقی فیدرال جەنابی مام جەلال تاڵەبانی، لەو بارەوە پرسیاری ئاراستەی بەڕێزیان کرد.

# بەلووچ نەتەوەیەکی نەکورد، بەڵام وەک کورد

هەڵۆ ڕەمشتی

لە چوارچێوەی ئێراندا چەندین نەتەوەی بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە تێدایە کە بارودۆخی ژیانیان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و... تاد، تا ڕادەیەکی زۆر هاوچەشنی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەک لەو نەتەوانەی بەشێکی وڵاتەکەیان وەکوو بەشێکی وڵاتەکەی ئێمە لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەی فارس و لە زیندانێکدا بە ناوی ئێران داگیر کراوە، نەتەوەی بەلووچە.

بەلووچەکان نەتەوەیەکی کۆنن، ئەوانیش وەک کورد خاوەن خاک و مێژوو و جۆگرافیا و کەلتووری تایبەت بە خۆیانن. بەلووچ ناوی دانیشتوانی" بەلووچستانە، "بەلوچستان کەوتووتە خواروو ناوەڕاستی ئاسیاوە، بە کەناری دەریاوە بەستراوەتەوە و لە ناوچەیەکی پان و بەرین پێکهاتووە. لەبەر ئەوەی نەتەوەی بەلووچ لە سەر ئەم خاکە ژیاوە، ئەم ناوچەیە بە بەلووچستان ناسراوە. ڕووبەری بەلوچستان 243487 کیلۆمیتری چوار گۆشەیە و بە سەر سێ وڵاتی پاکستان. ئەفغانستان و ئێراندا دابەشکراوە. ڕووبەری خاکی بەلووچستان لە پاکستان 134000، لە ژێر دەسەڵاتی ئێران 67487 و لە ئەفغانستان 40000 کیلۆ میتری چوارگۆشەیە.

حەشیمەتی بەلوچەکان نزیکەی 20 میلیۆن کەسە، بێجگە لەو چەند وڵاتەی لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، لە چەند هەرێمێکی دیکەش نیشتەجێن. بۆ نموونە یەک لە سێی دانیشتوانی هەرێمی سند و یەک لە پێنجی دانیشتوانی هەرێمی پەنجاب بەلووچن کە لە چەند سەدەیەک لەمەوبەرەوە لەو ناوچانە نیشتەجێن و پیشەیان جوورتیاری، سەربازی و شوانی بووە و ئێستا بە خەڵکی ئەو هەرێمانە دەناسرێن. ( کتێبی مێژووی بەلووچ و بەلووچستان بەرگی یەکەم، ل:81)

بەلووچەکانیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە لە حەول و خەباتدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە ڕەواکانیان. بەواتایەکی دیکە ئەوانیش نایانەوێ چیدیکە لە ژێر دەستی و بێچارەنووسی و بێدەسەڵاتیدا بمێننەوە. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لەو ناوچەیەدا بە ڕادەیەکی باش لە ئارادایە.

دەتوانم بڵێم نەتەوەی کورد لە بەراورد لەگەڵ بەلووچەکاندا سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و کێشەکانیی، سەرکەوتووتر بووە. کورد خاوەن خەباتێکی دوور و درێژی ڕزگاریخوازانەیە دژ بە داگیرکەرانی وڵاتەکەی و توانیویە تا ڕادەیەکی باش سەرەنجی دنیای دەرەوە بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و کێشەکەی بکاتە کێشەیەکی نێودەوڵەتیی. تا ڕادەیەک کە ئەمڕۆ بەشێک لە نیشتمانەکەی لە ئازادیی و سەربەستیدا دەژی.

جیا لە کورد و بەلووچەکان، 4 نەتەوەی دیکە لە ژێر دەسەڵات و حکوومەتی دیکتاتۆری نەتەوەی فارسدان کە ئەوانیش بە هەمان شێوە لە ژێر چەوسانەوە و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەناڵێنن. بەڵام بە خۆشیەوە ئەمڕۆ بیری نەتەوەیی و هەزری ڕزگاریی لە ژێردەستی و پساندنی کۆت و بەندیی دیلێتی بووەتە ئامانجی سەرەکی سەرلەبەری ئەو نەتەوانە.

ئەم سەردەمە و ئەم هەلەی هەڵکەوتووە هەلێکی لەبارە بۆ نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، لە ووی نێو دەوڵەتییەوە دەوڵەتی ئێران لە ژێر گوشاریکی بێوێنەدایە و لە سەروو هەموانەوە ئەمریکا بە نیازی ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتییە لە سیستمی سیاسیی ئێراندا. بۆیە پێویستە هەموو لایەک ئەو هەلە هەڵکەوتووە بقۆزنەوە و لە ووی سیاسییەوە ژیرانە هەڵسووکەوت لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن.

لە هەل و مەرجێکی ئەوهادا با هەموومان بە کورد و تورک و عەرەب و بەلووچەوە دەست بخەینە نا دەستی یەک و لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی کۆماری ئیسلامی و هێنانەدی ئامانجە نەتەوەیی و ئینسانییەکانماندا تواناکانمان یەک بخەین و چیدیکە نەهێڵین بە ژێر دەستی و دیلێتی بمێنینەوە. با ڕەگ و ڕیشەی دیکتاتۆرییەت بە هێزی لە بن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵک لە بن دەرهێنین و لە جیاتی تووی ئازادیی و دێمۆکراسی عیدالەتی کۆمەڵایەتی بچێنین.